# ترسناكى زمان لةسةر دوا رِؤذى ئينسان

**بەشی چوارەم**

**? م. محسن محمود**

**پێش نوێژو وتار خوێنی**

**مزگەوتی صلاح الدين لە زەڕایەن**

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

لە زنجیرەکانی پێشودا چەند تاوانێکمان باس کرد لە تاوانەکانی زمان، بەیارمەتی خوای گەورە لەم زنجیرەیەشدا دێینە سەر باسی خراپەیەکی تر لە خراپەکانی زمان لەژێر ناونیشانی (**قسە گێڕی**):

١- قسە گێڕی بریتییە لە گواستنەوەی قسەو باسی خەڵك بەمەبەستی دروست کردنی ڕقو کینە و دووبەرەکی لە نێوانیاندا.

کەواتە کەسی قسەگێڕ سیخوڕو دەم ڕاستی شەیتانە لەسەر زەوی بۆ دروست کردنی دوژمنایەتیو نانەوەی ئاشوب لە نێوان خەڵکدا.

ئاخۆ دەبێت تاکو ئێستا چەندین خوێن ڕژا بێت، چەندین منداڵ هەتیو بووبێت، چەندین خێزان لێك تۆرا بێت، چەندین هاوڕێ دڵی لەیەك ئێشا بێت....هتد بە هۆی چپەی قسە گێڕێکەوە، هەر بۆیە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

(شرار عباد الله من هذه الأمة المشاؤون بالنميمة المفرقون بين الأحبة الباغون للبرآء العنت)[1].

واتە: خراپترین خەڵك لە بەندەکانی خوای گەورە لەم ئوممەتەدا ئەوانەن کە سەرقاڵی هێنانو بردنی قسەو باسی

(١) (رواه أحمد، وانظر صحيح الترغيب والترهيب : ٢٨٢٤، وسلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢٨٤٩) .

خەڵكنودەبنە هۆی لێك جیا كردنـەوەی خۆشەویـــستەكان لەیـــەكتر، هـــەروەها ئەگەڕێن بە شوێن لەكەدار كردنی خەڵكدا.

٢–قسەگێڕی دەبێتە هۆی سزای ناو گۆڕ:

عبـداللّەی كـوڕی عـەباس ﴿ دەفـەرمێت: ڕۆژێكیان پێغەمبەر ﷺ ڕۆیشت بەلای دوو گۆڕدا پاشان فەرمووی:

(إنهما ليعذبان وما يعذبان في كبير، بلى إنه كبير: أما أحدهما فكان يمشي بالنميمـــة، وأما الآخر فكان لا يستتر من بوله)(٢).

واتـە: ئـەم دوو مـردووە سـزا دەدرێـن وە لەبەر گوناهی گەورەی سزا نادرێن، واتـە: بەلای خەڵكیەوە گەورە نییـە بـەڵام هـەر وەكو لە ڕیوایەتەكـەدا هـاتووە پێغەمبـەر ﷺ خـۆی دەفـەرمێت: بـەڵكو ئـەم دوو گوناهـە گـەورەن: یـەكێكیان گوناهەكـەی ئـەوە بـوو قـسەگێڕی دەكـرد لـە نێـوان خەڵكدا، وە ئەوەی تریشیان خۆی لە میز نەدەپاراست).

وەك ئاشكرایە بە پێـی ئـەم فەرموودەیـە قسەگێڕی لە نێوان خەڵكدا هۆكارێكە لـەو هۆكارانەی كە دەبێتە هۆی سزای ناو گۆڕ بۆ كەسی قسەگێڕ.

٣– حوكمی قسە گێڕی.

قسە گێـڕی حەرامـە بـەكۆدەنگی زانایـان (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) بە پێـی ئـەو بەڵگانـــەی كـــە لـــە قورئـــانی پـــیرۆزو فەرموودەكانی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە.

وەك خـوای گـەورە لـە قورئـانی پـیرۆزدا فەرموویەتی:

﴿وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَهِينٍ هَمَّازٍ مَـــشَّاءٍ بِنَمِيمٍ﴾ [القلم: ١٠-١١].

واتە: بە قسەی ئەوانـە مەكـە كـە سـوكو ڕیـسواو سـوێند خـۆرن و بەشـوێن كـەم و كـوڕی خەڵكـدا دەگـەڕێن و قـسەگێڕی دەكـەن لـــە نێوانیانـــدا بەمەبەســـتی خراپەكاری.

وەهەروەها پێغەمبـەر ﷺ لـەبارەی قـسە گێڕانەوە فەرموویەتی:

(لا يدخل الجنة نمام)(٣).

واتە: قسە گێڕان ناچنە بەهەشتەوە.

(٢) (رواه البخاري ومسلم، وانظر: صـــحيح الترغيـــب والترهيب: ١٥٧) .

(٣) (رواه البخاري ومسلم والترمذي وأبو داود، وانظـــر: صحيح الترغيب والترهيب : ٢٨٢١، وسلسلة الأحاديـــث الصحيحة: ١٠٣٤).

پێشەوا (ئیبن حەجەر) لە لێكدانەوە ئەم فەرموودەیەدا فەرموویەتی: قسە گێڕان لەگەڵ موسڵمانانداندا لەسەرەتاوە ناچنە بەهەشتەوە واتە: لەپاش سزا دەچنە بەهەشت.

كەواتە: قسەگێڕی حەرامەو بەیەكێك لە تاوانە گەورەكان دادەنرێت بۆیە پێویستە لەسەرمان كە خۆمان لەم گوناهە گەورەیە بپارێزین بەمەبەست بەدەست هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگارو دوركەوتنەوەمان لەو دۆزەخەی كە سوتەمەنیەكەی ئینسان و بەردە.

٤- هەڵوێستمان چۆن بێت لەگەڵ قسە گێڕاندا.

پێویستە لەسەمان بەم شێوەیەی لای خوارە لەگەڵ قسەگێڕاندا بجوڵێینەوە:

یەكەم: نابێت كابرای قسەگێڕ بەڕاست بزانین، چونكە فاسقەو شایەتی لێ وەرناگیرێت.

دووەم: مەنعی بكەین لەو جۆرە كارانەو ئامۆژگاری بكەین كە دوبارەی نەكاتەوە.

سێیەم: پێویستە ڕقمان لە كابرای قسەگێڕ بێت وخۆشمان نەوێت، چونكە پەروەردگار خۆشی ناوێت.

چوارەم: هەروەها پێویستە گومانی خراپ بەو كەسە نەبەین كە قسەكانی لەبارەوە وتراوە.

پێنجەم: نابێت قسەی كابرا كارمان تێ بكاتو شوێن گێڕی ئەو موسڵمانە بكەین كە قسەكانی دراوەتە پاڵ.

شەشەم: وە نابێت خۆشمان قسە گێڕی بكەینو قسەی قسەگێڕان بگێڕینەوە، چونكە ئەو كاتە خۆیشمان هەمان حوكم وەردەگرین.

٥- چ كاتێك قسە گێڕانەوە دروستە؟

قسە گێڕی دروستە گەر بۆ بەرژەوەندییەكی شەرعی بێت وەك ئەوەی كە ببینیت كەسانێكی خراپ خەریكی داڕشتنی پیلانێكن بۆ لەناوبردنی بێ تاوانێك، یان لەكەدار كردنی موسڵمانێك، یان فەوتاندنی سەروەتو سامانیان، ئا لەم كاتەدا واجبە لەسەرت كە كەسی پیلان بۆ كێشراو ئاگادار بكەیتەوە بۆ ئەوەی نەكەویتە ناو داوەكەوە، چونكە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

**(من حمى مؤمنا من منافق أراه قال بعث الله ملكا يحمي لحمه يوم القيامة من نار جهنم)[٤].**

**واته: هەر کەسێك بڕواداڕێك بپارێزێت لە پیلانی دووڕوویەك خوای گەورە لە ڕۆژی دوایدا فریشتەیەك دەنێرێت کە لاشەی ئەو لە ئاگری دۆزەخ بپارێزێت.**

**کەواتە قسە گێڕانەوە دروستە بۆ بەرژەوەندییەکی شەرعی وەك زەیدی کوڕی ئەرقەم i دەفەرمێت: (گوێم لێ بوو لە غەزایەکدا عبداللهی کوڕی ئوبەی ئەی ووت: ماڵو سامانی خۆتان مەدەن بەوانەی کە لەدەوری پێغەمبەرن ¢ هەتا هیچیان بەدەستەوە نامێنێتو لێی دوور دەکەونەوە، جا ئەو کاتەی کە گەڕاینەوە مەدینە خاوەن دەسەڵاتەکان زەلیلەکان دەربەدەر دەکەن.**

**منیش ئەم قسانەم گێڕایەوە بۆ مامەم i ئەویش گێڕایەوە بۆ پێغەمبەر ¢ [٥].**

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.**

---

(٤) (صحيح سنن أبي داود: ٤٨٨٣).

(٥) (صحيح سنن الترمذي: ٣٣١٢، ٣٣١٣).